دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ناتانیاهۆ دەردەکات

دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان ڕێکاری تایبەت بە دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن دەگرێتەبەر، بە دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ناتانیاهۆ و چەند بەرپرسێکی تر.

کەریم خان، داواکاری گشتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە بەیاننامەیەکدا بە کۆنامەی سی ئێن ئێن ڕایگەیاندوە، دادگاکە بە دوای دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن بە سینوار و نەتانیاهۆ و گالانت-دایە.

کەریم خان، ئاشکراشیکردووە، دادگای تاوانی نێودەوڵەتیش داوای فەرمانی دەستگیرکردن دەکات دژی دوو سەرکردەی باڵای دیکەی بزووتنەوەی حەماس، سەرکی لیواکانی ئەلقەسام ناسراو بە محمد الدیف و سەرکردەی سیاسی بزووتنەوەی حەماس، ئیسماعیل هەنیە.
ئامانپوور، و دەستەیەک لە دادوەرەکانی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان تاوتوێی داواکاریەکەی خان دەکەن بە دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن.

خان ئاماژەی بەوەشکرد، تەمەتەکانی نەتانیاهۆ و گالانت بریتین لە "هەکارەکانی جینەساید، گەمارە و

دروستکردنی برستی وەک ئامرازێک بۆ شێوە، لەوانە ڕاگرتنی پێداویستییە فریاگوزارییە مرۆییەکان و بە ئەنقەست کردنە ئامانجی هاوڵاتیانی مەدەنی لە کاتی شەڕدا.